تەندروستی جیهانی: ئامادەین بەهاوکاریکردنی بریندارانی رووداوەکەی سەران

ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی ئامادەیی خۆیی دەربڕی بەمەبەستی هاوکاریکردنی بریندارەکانی رووداوی ئاگرکوتنەوەکەی ئیدارەی سەربەخۆی سەران،

وائل حەتاحت، هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی WHO لە عێراق، بەمەبەستی دەربڕینی ئامادەیی بۆ هاوکاریکردنی چارەسەری بریندارانی پێیوەندی بە سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

حەتاحت، هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆی بۆ کەسوکاری قوربانیانی رووداوەکەی سەران دەربڕی و ئامادەیی ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی نیشاندا بۆ دابینکردنی پەداویستی چارەسەریەکانی بریندارانی.

لای خۆیەوە سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاسی هەماهەنگی ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی کرد و هیوایان خواست خوای گەورە کەچکردووان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و شیفای بریندارانیش بدات.